**هــــەرێـمـی کـوردســـتـانی عێــراق**
**سـەرۆکایـەتی ئە نجومەنی وەزیـــران**
**وەزارەتی ناوخـــۆ**
**ژمــــارە / ١**
**بــــەروار / ٢٠٠٢/٣/٢٠**

## ڕێنمایی ژمـــارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢

بە پێی ئـەو دەسـەلآتەی پێمـان دراوە لـە بەنـدی (٢٤) ی یاسـای ژمـارە (١٥) ی سـاڵی (٢٠٠١) یاسای ڕێکخراوە کوردستانییە غەیرە حکومیەکانی هەرێمی کوردسـتانی عێـراق و ، بە مەبەستی ڕێگا خۆشکردن و ڕەخساندنی دەرفەتی کارکردن بۆ دروسـت بـوون و دەسـت بــەکاربوونی ڕێکخــراوە کوردســتانییە غــەیرە حکومیــەکان ، کــە بەرژەوەنــدی گــشتی بەهاناچوون و ئاوەدانکردنەوەو کاروچالاکی مرۆیی لە خۆگرتبێ و ، بـۆ ئاسـان کردنـی ئـەو یاسایە ئەم ڕێنمایانەی خوارەومان دەرکرد :

١. ڕێکخراو وەك دەستەیەکی سەربەخۆ دوای وەرگرتنی مۆلەتی یاسایی بۆی هەیە هـەڵس و کەوتی یاسایی ئەنجام بدات بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی و لە چوارچێوەی ئـەو یاسـایە دەرنەچێت .
٢. بـۆ پێـشکەش کردنـی داوای دامەزرانـدنی ڕێکخـراو ، پێویـستە داواکاریـەکان لـە ڕێگـای پارێزگاکانــەوە پێــشکەش بکــرێن و دوای تــەواوبوونی مەرجــەکانی مۆڵــەت پێــدان بۆمــان بەرزدەکرێتەوە بە مەبەستی مۆڵەت دانی یاسایی بە ڕێکخراوەکە .
٣. پێویستە ناوی ڕێکخراوەکە ناوێکی کوردی ڕەسەن بێت .
٤. دوای وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی ، ڕێکخـراو بـۆ ی هەیـە داوای کردنـەوەی نووسـینگە لـە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بکات و یان بیەوێت چالاکی لە دەرەوەی هەرێم ئەنجام بدات ، بە مەرجێك بە لیستێك نـاوی شـوێنی نووسـینگەکەو، یـان ئـەو شـوێنەی چـالاکیەکەی تیـادا ئـەنجام دەدات لـە گـەڵ نـاوی ئـەو ئەنـدام و کەسـانەی تیایـدا کـار دەکـەن و جـۆری کـارو چالاکیەکان بە تەواوی دیار بکەن و ، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیمان بۆی هەیە بەشـێوەیەکی یاسایی و ڕاستەخۆ دەست بەکار و چالاکیەکانی بکات .
٥. پێویـستە لەسـەر هـەر ڕێکخراوێـك لـە کـاتی کارکردنـدا لـە ڕووی کـارگێریو دارایـی و هونەرییەوە ڕەچاوی سیستەمی یاسایی بکـات ، کـە لـەو بوارانـەدا لـە هـەرێمی کوردسـتان کاریان پێدەکرێت و خۆی لە گەڵیاندا بگونجێنێت .

ئــــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٦. له كاتى پشكنينى تۆمارەكانى رێكخراو له لايەن نوێنەرمانەوه ، پێويستە تۆمارەكـان لـه لايـەن فەرمانگـەى دادنووسـەوه (كاتـب عـدل) مۆركرابێـت و ، بـه پێـچەوانەوه دووچـارى لێپرسينەوه دەبن و تۆمارەكەش ئيعتبارى پێ ناكرێت.

٧. پێويستە رێكخراو سالآنه ليستێك به ناوى ئەو پـرۆژەو كاروچالاكيانەى ئـەنجامى داون چ له گەڵ دەزگاكـانى حكـومى و ئـەهلى نـاوەوەى هـەرێم يـان لـه گـەڵ رێكخـراوە بيانيـەكانى حكومىو غەيرە حكومى ناو هەرێم يان له دەرەوەى هەرێمى كوردستان ئامادە بكات .

٨. له كاتى هەر گرێ بەستێك له گەڵ رێكخـراوە بيانيـەكانى دەرەوەو نـاوەوەى هـەرێم يـان وەرگرتنى كۆمەك و پيتاك و بەخشينەكانى مادى بێت يان عـەينى بـه تايبـەتى لـه دەرەوەى هەرێم پێويستە بكرێت به داهات و له ژێر سەرپەرشتى كردنـى ليژنـەى تايبـەت بەسـەر ئـەو چـالاكىو پرۆژانـەى بەرژەوەنـدى گـشتين دابـەش بكرێـت ، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش ليژنـەى سەرپەرشتى كـردن لـه وەزارەت دەسـت نيـشان دەكرێـت و نوێنـەرێكى وەزارەتـى داراييىو ئابوورى تێدا بەشدار دەبێت .

٩. به پێى بەندى (١٣) ـەى ئەو ياسايه پێويستە رێكخراو راپۆرتى سـالآنەى خـۆى يـان لـه كاتى پێويستدا پێشكەش به وەزارەت بكات .

١٠. رێكخراوەكان بۆيـان هەيـه بەشـدارى لەهـەر كـۆنگرەو توێژينەوەيـەك بكـەن لـه نـاوەوەو دەرەوەى هــەرێمى كوردســتان بــه مەبەســتى پێشخــستن و خزمــەتى زيــاتر بــه هــەرێمى كوردستان و بۆ جێبەجێ كردنى ئامانجەكانى ئەو ياسـايه ، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش پێويـستە رەزامەندى پێشوەختەى لەسەر وەربگيرێت .

١١. رێكخراو بۆى هەيه داواى هەڵوەشاندنەوەى ئارەزومەندانه (اختيارى) يان به تێكەڵ بـوون له گەڵ رێكخراوێكى تر بكـات ، بـه مـەرجێ هـيچ پابەنـدبوونێكى ياسـايى و دارايـى كـەس و لايەنێكى لەسەر نەبێت بۆ ئەو مەبەستەش پێش رەزامەنديمان لەسـەر داواكـەيان بـه مـاوەى (٣٠) رۆژ لــه رێگــاى رۆژنامــه و كەناڵــەكانى تــرى راگەيانــدن دەقــى داواكاريەكــەيان بلأودەكرێتەوه ، ئەگەر كەس داواى له دژيان تۆمارنەكردن ، رەزامەندى لەسەر دەكرێـت بـه پێى ياسا .

١٢. ئەو رێنماييانەمان له رۆژى دەرچوونيەوە كارى پێدەكرێت .

**كــريم ســنجارى**
**وەزيـــــــرى نـاوخـــۆ**

ئـــــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com